باوێشکدان لە ناو نوێژدا لە شەیتانەوەیە، ئەگەر یەکێکتان باوێشکی هات؛ ئەوا بە پێی توانا با دەمی دابخات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «باوێشکدان لە ناو نوێژدا لە شەیتانەوەیە، ئەگەر یەکێکتان باوێشکی هات؛ ئەوا بە پێی توانا با دەمی دابخات (واتا: دەمی نەکاتەوە بە داخستنی لێوەکان)».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

باوێشکدان لە کاتی ئەنجامدانی نوێژدا لە شەیتانەوەیە؛ چونکە کاتێک باوێشک ڕووەدات ئەگەر لاشە قورس بوو بەهۆی حەزکردن بە ئیسراحەت یان بەهۆی زۆر خواردنەوە، ولەم حاڵەتەدا حەز دەکات تووشی تەمەڵی بێت وبخەوێت، وشەیتان بانگەشەی نەفس دەکات بۆ جێبەجێکردنی شەهەواتە حەرامەکانی وزیادەڕۆیی کردن لە شتە حەڵاڵکراوەکاندا لە خواردن وخواردنەوە بۆ ئەوەی لاشەی قورس بێت، وئەگەر لاشەی قورس بوو ئەوا مسوڵمان لە کاتی نوێژدا باوێشک دەدات؛ وئەگەر باوێشکی دا پێویستە نەهێڵێت ڕووبدات ودەمی نەکاتەوە ولێوەکانی دابخات بە پێی توانا؛ بۆ ئەوەی شەیتان نەگات بە مەبەستی خۆی بە ناشیرینکردنی وێنەی مرۆڤ وچوونە ژوورەوە بۆ ناو دەمی وێکەنین پێی، وئەگەر نەیتوانی دەمی دابخات ئەوا پێویستە دەستی بخاتە سەر دەمی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10884